# ئاگات لە خۆ بێ،دەستت بۆ نەهێنن !

**فاتمە عوسمانی**

لە هەر گۆمەڵگایەك کۆمەڵێك دیاردەی کۆمەڵایەتی هەیە کە هۆکاری پەیدا بوونی ئەو دیاردانە بە پێی هەل و مەرجی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگایەك دەگۆڕێ، هێندێ لەو دیاردانە تەنها تایبەت نییە بە شوێنێك بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بەرچاو دەکەوێ کە ئاستی پێشکەوتن لە هەر کامیاندا جیاوازە، یەکێك لەو دیاردانە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر سنوری جەستەیی تاکە کەس. ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمە دا بە زەقی بەرچاو دەکەوێ دەستدرێژی کردنە بۆ سەر سنووری جەستەی ژن لە لایەن پیاوەوە کە زۆر جار هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە هەر چەندە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانیشدا ئەو دیاردەیە هەیە بەڵام ئەوەی من دەمهەوێ باسی بکەم کێشەی ژنە لەو بوارەدا کە من پێم وایە نەك تەنها کاریگەریی نێگەتیڤی لە سەر دەروونی ژن هەیە بەڵکو رێگا بە پیاو دەدا لە شکڵ دان بە هەڵسوکەوتی ژن بڕیاردەری سەرەکی بێ ئەوە شتێکی روون و ئاشکرایە کە هەر مرۆڤێك خاوەن دەسەڵاتە لە جەستەو سنووری تاکە کەسی خۆی و بۆ هیچ مرۆڤێکی دیکە نیە دەستدرێژی ئەو سنورە بکا ئەگەر لە کێشەکە قووڵتر بینەوە دەستدرێژی کردن بۆ سنووری جەستەیی هەر کەسێك بە تاوان دادەنرێ بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمە ئەوە نەك وەبەرچاو ناگیرێ بەڵکو زۆر جار پاساویشی بۆ دەهێندرێتەوە و بۆ کەسایەتیی ژنی دەگێڕنەوە کاتێك لە شوێنێکی گشتی (کە ئەو حاڵەتە زیاتر لەو شوێنانە روو دەدا) یان هەر شوێنێکی دیکە پیاوێك دەستدرێژی دەکا بۆ جەستەی ژن لێرەدا ئەو ژنە لە نێوان دووحاڵەتدا دەمهێنێتەوە دەبینێ سنوری جەستەیی بەزێنراوەو بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بێڕێزی بەو مافەی کراوە، بەڵام هەر وڵام دانەوەو دژ کردەوەیەك لە لایەن ژنەوە مۆرکێکی دیکەی لێ دەدرێ کە ئەویش روانگەی کۆمەڵگاو پێکەی کۆمەڵایەتیی ژن تیایدا ئەکتەری سەرەکیە، یان ئەوەی کە ئەگەر ژنەکە لە گەڵ مێردەکەی یان براکەی بێ لە بەر ئەوەی کێشەکە گەورەتر نەبێتەوەو دواتر دادگایەکی دیکەش لە لایەن ئەوانەوە بۆی دروست نەبێ بە باشتر دەزانێ بێدەنگ بێ لێرەدا ئەو مافەی ژن وەك مرۆڤێکی ئازاد وەبەرچاو ناگیرێ بەڵکو ئەوە پیاوە کە پێی وایە دەستدرێژی بۆ سەر شەرەف و نامووسی ئەو کراوە ئەو پیاوەی کە لە وانەیە خۆشی لەو پیاوانە بێ کە لە ئەنجام دانی ئەو تاوانە بێ بەریی نەبێ بۆیە زۆر جار ژن بۆ ئەوەی خۆی لەو شتانە دوور راگرێ قورسایی ئەو پێشێل کاریە لە دروونیدا دەکێشێ دەبینین پیاو وەك خولقێنەری ئەو دیاردەیە گەورەترین دژ کردەوە بۆ کێشەکە نیشان دەدا بە بێ ئەوەی بۆ خۆی و دەورووبەری بگەرێتەوە و سەرچاوەی کێشەکە بناسی لێرەدا ئەوە پیاوە ناراستەوخۆ بڕیاردەدا کە ژن لە چ حاڵەتێك دا دەبێ دژ کردەوەی هەبێ سەبارەت بەو کێشانەی کە دێتە سەر رێگای یان نەیبێ. زۆرجار ژنان کە دەچنە شوێنی قەرەباڵغ بە یەکتر دەڵێن ئاگات لە خۆت بێ دەستت بۆ نەهێنن ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەوە بۆتە کێشەیەك بۆ ژن و ترسێکی بەردەوام لەوەی کە سنوری جەستەی ببەزێنن و بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە پیاو بە دیدێکی ئامرازی دەڕوانێتە ژن و لە کەمترین دەرفەتدا بە دەست هێنانی هەلێکی وا بچووك بە غەنیمەت دەزانێ.

